
حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی( دوازدەهەمی زانستی )

بەناوی خودای گەورە بابەت : زیندەزانی/کات : 3.5 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی2022-2023( خولی دووەم )
**A**
SN: 5000001

پەنجەمۆر

وەڵامی راست هەڵبژێرە: (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

1.هێرشی و چەیس بە کام ئەنجام گەیشتنە ئەو بەرەنجامەی کە پرۆتین بۆماوە ماددە نییە لە بەکتریا خۆرکەدا؟




2.کام لەمانە دەربارەی پەرچە کرداری ئەژنۆ ***هەڵەیە***؟
A-بە گرژبوونی ماسولکەی چوارسەری ڕان هاوکات لەگەڵ خاوبوونەوەی ماسولکەی ناوەوەی ڕان دەبێتە هۆی جووڵەی لاق بۆ پێشەوە
B-دەمارە خانەکانی لەش پێی هەڵدەستن بەبێ بەشداریکرنی دەماخ
C- وەڵامدانەوەیەکی جووڵە کتوپڕی خۆنەویستە
D-بە گرژبوونی ماسولکەی ناوەوەی ڕان هاوکات لەگەڵ خاوبوونەوەی ماسولکەی چوارسەری ڕان دەبێتە هۆی جووڵەی لاق بۆ پێشەوە

3.کام لەم روخسارانە تەنها لە باری دووڕەگدا دەردەکەوێت ( دەردەبڕێت ) ؟
A-قژ لووس لە لای قەقفاسییەکان B-کلك کورت لە پشیلەدا C-تۆو سەوز لە رووەکی پۆلکەدا D-گوڵ سوور لە رووەکی شەوبۆدا

4.رووی لەیەکچوون لە نێوان گوستنەوەی ئۆکسجین و گوستنەوەی دوانۆکسیدی کاربۆن ئەوەیە کە هەردووکیان بە.........دەگوازرێنەوە.
A- تواوەیی لە پلازمادا B-بەستراوی بە هیمۆگلۆبین C-شێوەی ئایۆنەکانی بیکاربۆنات D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن


5.کام لەمانە دەربارەی رایبۆسۆمەکان راستە؟
A- ئەندامۆچکەن لە خانەدا پرۆتین دروست دەکەن
B-لە rRNA و ژمارەیەك لە پرۆتینەکان پێکهاتوون
C-بەشداری کرداری وەرگێڕان دەکەن
D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

6.لە جیاوازییەکانی نێوان تۆو و هێلکە دوای دەرچوونی تۆوەکە لە ئالۆزەدا و هێلکەکەش لە هێلکەداندا ئەوەیە کە تۆو:-
A- هەردوو دابەشبوونەکانی کەمە دابەشبوونی تەواوکردووە B- دەبێتە خانەیەکی تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمی
C-پێنگەیشتووە D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن

7.مۆریۆلا :-
A-هێلکەی نە پیتراوە B-چینێکە لە و خانانەی کە دەوری هێلکەیانداوە دوای تەقینی چیکڵدانە
C-لە شەقبوونەوە پەیدا دەبێت D-دوای چەقین لە ناوپۆشە ئەستوورەکەی منداڵدان نوقم دەبێت


8.لیمفە کۆئەندام جیاوازە لە دڵە لوولە کۆئەندام بەوەی کە لیمفە کۆئەندام:-
A- بەشێکە لە کۆئەندامی سوڕان B- سپڵی تێدا نییە
C- خڕۆکە سپییەکانی خوێنی تێدایە D- لوولەکانی تاك ئاراستەن لیمف تەنها بۆ خوێن دەگوازنەوە

9. بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر ،
وەڵامی ڕاست لە خشتەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




| | W | X | Y | Z |
|---|---|---|---|---|
| A | هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە | هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد | پرۆجیسترۆن | ئیسترۆجین |
| B | هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە | هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد | ئیسترۆجین | پرۆجیسترۆن |
| C | هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد | هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە | ئیسترۆجین | پرۆجیسترۆن |
| D | هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد | هۆرمۆنی هاندەری چیکڵدانە | پرۆجیسترۆن | ئیسترۆجین |

10.بە پشت بەستن بە تۆماری ڕەچەڵەکی خوارەوە کە بۆمانەوەی نەخۆشی هانتنگتۆن لە خێزانێکدا پیشاندەدات،وەڵامی ڕاست لە خشتەی خوارەوە هەڵبژێرە:-





| | ئەگەری تووشبوونی منداڵێکی نوێی ئەم خێزانە کە ئاماژە پێکراوە بە ڕەنووسی 1 بەم نەخۆشییە بۆماوەییە | بۆماوە بابەتی تاکی ئاماژە پێکراو بە ڕەنووسی 2 |
|---|---|---|
| A | 100% | HH |
| B | 75% | HH |
| C | 75% | hh |
| D | 100% | hh |

11.بۆ ئەوەی کوتاو دژی ڤایرۆسی HIV کارا بێت پێویستە توانای چالاککردنی بەرگرییە کۆئەندامی هەبێت بۆ:-
A-وەڵامدانەوەی چەند شێوەیەك لە ڤایرۆسەکە B-لەناوبردنی گشت ئەو هەڵلوشێنەرە خانانەی کە تووشی ڤایرۆسی HIV بووینە
C-چالاککردنی بیرخەرەوە خانەکان D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن



12.بە پشت بەست بەو شێوەیەی بەرامبەر کام لەمانە دەربارەی کۆرپەلە ڕاستە؟




A-کۆرپەلە لە ڕۆژی شازدەهەمی تەمەنیدایە
B-هەموو پەردەکانی کۆرپەلە بە تەواوی دروست بوونە
C- پەردەی ئەلەنتۆیس بەتەواوی دروست نەبووە
D-دڵ دەست بە لێدان دەکات

13.جیاوازی نێوان تەوەرە پەیکەر و پەلە پەیکەر ئەوەیە کە تەوەرە پەیکەر:-
A-مۆخی سووری ئێسکی تێدایە B-جومگەی بزێوی تێدایە C-جومگەی جووڵە سنورداری تێدایە D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن


14.کام لەمانە ***نموونە نییە*** بۆ کارلێکی نێوان لیمفەخانەکان لەگەڵ خانەکانی لەشی خۆیان؟
A-فرەڕەقبوون B- ڕەقبوونی خوێنبەرەکان C- هەوکردنی جومگەی رۆماتیدی D-نەخۆشی شەکرە جۆری 1

15.شێوەکەی بەرامبەر روونیدەکاتەوە دوو لوولەی خوێن لە مرۆڤدا 2,1 بەیەکدەگەن بە تۆپەڵێك لە موولوولەی خوێن 3 ،کام لەمانە ئاراستەی گواستنەوەی خوێن بە تەواوی دەنوێنێت؟




A- 1 ← 2 ← 3
B- 3 ← 1 ← 2
C- 1 ← 3 ← 2
D- 2 ← 3 ← 1

16.لە شێوەکەی بەرامبەردا ، کام لەمانە ئاراستەکەری لەبەرگرتنەوە دەنوێنێت؟





1-A
2-B
3-C
4-D

17.هەموو ئەمانەی دێن ***ڕاستن*** دەربارەی کرۆمۆسۆمی X یان کرۆمۆسۆمی Y ***جگە لە***:-
A- زۆربەی ئەلیلەکانی بەستراو بە کرۆمۆسۆمی X هاوتاکەی نییە لەسەر کرۆمۆسۆمی Y
B-ئەو نێرەی کە ئەلیلێکی بەزیو لەسەر کرۆمۆسۆمی X هەڵدەگرێت سیفەتێکی( روخسارێکی ) بە توخم بەستراو دەردەخات
C-ئەو مێیەی کە ئەلیلێکی بەزیو لەسەر یەکێك لە دوو کرۆمۆسۆمەکەی X هەڵدەگرێت سیفەتێکی( روخسارێکی ) بەزیوی بە توخم بەستراو دەردەخات
D- ئەو نێرەی کە ئەلیلێك لەسەر کرۆمۆسۆمی Y هەڵدەگرێت سیفەتێکی ( روخسارێکی ) بە توخم بەستراو دەردەخات

18.کام لەمانە ڕیزبەندی تەواو بۆ هەنگاوەکانی وەرگێڕان پیشاندەدات؟
( 1- درێژبوونەوە ، 2- کۆتاییهاتن ، 3-بەردەوامی درێژبوونەوە ، 4- دەستپێك ، 5-جیابوونەوە )
A- 4 ← 1 ← 3 ← 2 ← 5
B- 4 ← 3 ← 1 ← 2 ← 5
C- 4 ← 1 ← 3 ← 5 ← 2
D- 4 ← 3 ← 1 ← 5 ← 2

19.کام لەم جووتانەی دێن ڕاستن؟
A-قەدی دەماخ : مێشك بە دڕکە پەتك دەبەستێتەوە B-تەنی کالۆسەم : بە یەك گەیشتنی نێوان هەردوو نیوەگۆی مێشك و مێشکۆڵە دابینیدەکات
C- پرد : هەردو نیوەگۆی مێشك بە یەکەوە دەبەستێتەوە D-ناوەڕاستە دەماخ : لاکێشە مۆخ بە مێشکۆڵە دەبەستێتەوە

20.بە پشت بەستن بە شێوەکەی بەرامبەر، ئەو شوێنە کامەیە کە هۆرمۆنەکانی دەرپەڕاندن تێیدا ڕێڕەوی خوێن جێدەهێڵن بۆ گەیشتن بە خانەی ئامانج؟




1-A
2-B
3-C
4-D

21.کام لەمانە لەرینەوەی شەپۆلەدەنگییەکان دەگۆڕێت بۆ ئەرکی کار لە گوێی ناوەوەدا؟
A-مووەخانەکان B-شلەی ناو لوولپێچ C- پەردەی خوارەوەی جۆگەی ناوەڕاست D-ئێسکە بچووکەکانی گوێی ناوەڕاست

22.کام لەمانە پەردەی خانەی هۆکاری نەخۆشی کون دەکات؟
A- پرۆتینەکانی سیستەمی تەواوکەر کاتێك چالاك دەبن لە بەرگریە گشتییەکان — B- کوژەرە خانە سروشتییەکان
C- پرۆتینەکانی سیستەمی تەواوکەر کاتێك چالاك دەبن لە وەڵامدانەوەکانی بەرگری دەردانی — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

23.ئەنزیمی پەلمەڕەی RNA جیاوازە لە ئەنزیمی پەلمەڕەی DNA بەوەی کە ئەنزیمی پەلمەڕەی RNA :-
A-لە دووڕیانی دووهێندبوون کاردەکات — B-لە کرداری لەبەرگرتنەوەدا لە قاڵبی DNA بە شوێنی دەستپێکەوە بەند دەبێت
C-نیوکلیۆتایدە سەربەستەکانی DNA دەخاتە پاڵ ئەو نیوکلیۆتایدانەی کە لە زنجیرەکەی RNA دا هەن
D-لە کاتی لەبەرگرتنەوەدا هەردوو زنجیرەکەی DNA دەخوێنێتەوە

24.ئەو بەستەرە شانەیە هەڵبژێرە کە ***جیاوازە*** لە بەستەرەشانەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە ( کرکراگە ، چەوری ، ژێ ، ئێسك ):-
A-کرکراگە — B-ئێسك — C-ژێ — D-چەوری

25.تەنێ زەرد دروست دەبێت لە ناو:- A- هێلکەدان — B- هێلکە خانە — C-جۆگەی فالوب — D- منداڵدان

26.کام جۆری بازدان نوێنراوە بە کەمبوون یان زیادبوونی کرۆمۆسۆمێکی دیاریکراو بە تەواوی؟
A- لابردن — B- جیانەبوونەوە — C-گواستنەوە — D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

27.کام لەمانە دەبیتە ڕێگر بۆ دەرکردنی دەنکۆڵە هەڵواسراوەکانی ناو ڕێڕەوەکانی هەناسە؟
A-قەتران — B-نیکۆتین — C-ئەسیتایل کۆلین — D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن

28.خانە چیلکەییەکان دەتوانن وەڵامی ڕۆشنایی کز بدەنەوە چونکە :-
A-دەکەونە قوڵترین چینی تۆڕەوە — B-ڕۆدۆبسینیان تێدایە
C-وەڵامی ڕۆشنایی لەیەك بواری بینین دەدەنەوە — D-لە سێ جۆری جیاواز لە خانەکان پێکدێن

29.گەیێنکەی دەماری : دوو دەمارەخانە :
A- تەوەرە : لەشی دەمارەخانە و گەیێنکەی دەماری — B- گەیێنکەی دەماری : لەشی دەمارەخانەیەك و تەوەرەکەی
C-تەوەرە : لەشی دەمارەخانەیەك و لق وپۆپەکانی — D- دەمارە خانە : دوولەشی دەمارەخانە

30.کۆکایین کاریگەری هەیە لەسەر :- A- وەرگرە پرۆتینییەکانی پەردەی دەمارە خانەی پاش گەیێنکە
B-وەرگرەکانی دووبارە لە دەمارە خانەی پێش گەیێنکە — C-فرمانی ئاسایی دەمارەخانە — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

31.بۆریچکەکانی هەوا : دوو لقە بۆری هەوا ***(لەکاتی هەناسەدانەوەدا)***
A- سیکڵدانۆچکەکانی هەوا : بۆریچکەکانی هەوا — B-بۆری هەوا : دوو لقە بۆری هەوا
C- گەروو : قورگ — D- قورگ : بۆری هەوا

32.تۆوە بۆریچکەکان جیاوازن لە لوولەی گوێزەرەوە بەوەی کە تۆوە بۆریچکەکان :-
A-ژمارەیان زۆرترە — B-دەکەونە ناو گونەوە — C-بە کەمە دابەشبوون تۆوەکان بەرهەمدەهێنن — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

33.لووسە ماسولکەی کام لەمانە لە کاتی منداڵبوون خاودەبێتەوە؟
A-زێ — B- میزەڕۆ — C- ملی منداڵدان — D-( C+A ) هەردووکیان ڕاستن

34.کام لەمانە لە جیاکەرەوەکانی وەستانە کۆدۆنەکانە؟ A-ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتنی کرداری وەرگێڕان — B-ترشە ئەمینییەکان دیاریناکەن
C-ئەو کۆدۆنانەن کە tRNA یان نییە کە دژەکۆدۆنێکی تەواوکەر هەڵبگرێت — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

35.کاتێك ئینتەر لوکین 1 خانەی T ی یارمەتیدەر چالاك دەکات ئەوا خانەکانی T ی یارمەتیدەر لە ڕێگەی دەردانی ئینتەر لوکین 2 :-
A- خانەکانی T ی ژەهراوی چالاك دەکەن بۆ لەناوبردنی مشەخۆرەکان — B- هەڵدەستن بە دەردانی دژەتەنەکان
C- زۆربوونی خانەکانی B چالاك دەکەن — D- ( C+A ) هەردووکیان ڕاستن

36.لە لێکدانی دوو ڕووەکی پۆلکەدا ئەم وەچانەیان لێ پەیدابوو ( 127 ڕووەکی گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو ، 123 ڕووەکی گوڵ تەوەرەیی کەلوو کەمەریەکهاتوو ، 126 ڕووەکی گوڵ لوتکەیی کەلوو هەڵئاوساو ، 124 ڕووەکی گوڵ لوتکەیی کەلوو کەمەریەکهاتوو ) ، کام لەمانە ڕوخسارە بابەتی هەردوو ڕووەکە لێکدراوەکە دەنوێنێت؟
A-گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو × گوڵ تەوەرەیی کەلوو کەمەریەکهاتوو
B- گوڵ لوتکەیی کەلوو هەڵئاوساو × گوڵ لوتکەیی کەلوو کەمەریەکهاتوو
C- گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو × گوڵ لوتکەیی کەلوو کەمەریەکهاتوو
D- گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو × گوڵ تەوەرەیی کەلوو هەڵئاوساو

37.................. پرۆتینن دەتوانن کاربکەنە سەر ڕەفتاری بەرگرییە خانەکانی دیکە :
A-هیستامین — B-سایتۆکینەکان — C-دژە تەنەکان — D-( C+B ) هەردووکیان ڕاستن


38.کام لەم هۆرمۆنانە ترشی ئەمینی لە پێکهاتەکەیدا هەیەو لە چەوریدا دەتوێتەوە؟
A-ثایرۆنیني سیانە یۆدی — B-کۆرتیزۆل — C-ثایمۆسین — D-ئیپینفرین

39.خرۆکە سوورەکانی خوێن لە لەشی مرۆڤدا دەکرێت :-
A-تەنها یەکێك لە هەردوو دژەپەیداکەری A و B هەڵبگرن — B- هەردوو دژەپەیداکەری A و B هەڵبگرن
C-هیچ لە هەردوو دژەپەیداکەری A و B هەڵنەگرن — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

40.لە کرداری دووهێندبوونی DNA دا کەلێن لە یەکێك لە دوو زنجیرە نوێیە پەیدابووەکە دروست دەبێت چونکە؟
A-کرداری دروستبوونی هەردوو زنجیرەی گەردێکی DNA شانبەشان لەگەڵ جووڵەی دووڕیانی دووهێندبووندا دەڕوات
B- کرداری دروستبوونی تاکە زنجیرەیەك بە ئاراستەی پێچەوانەی جووڵەی دووڕیانی دووهێندبووندا دەڕوات
C-ئەنزیمەکانی هیلیکێز هەردوو زنجیرەکەی DNA لە یەکتری جیادەکاتەوە — D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

41.لە کاتی خواردنی خۆراکدا، کام لەمانە هەندێك لە خانەکانی گەدە هاندەدات بۆ دەردانی هەرسە ئەنزایمەکان و ترشی هایدرۆکلۆریك؟
A-سیکریتین — B-گاسترین — C-ئەنسۆلین — D-گلوکاگۆن


42.کام لەم ڕەنووسانە ئاماژە بۆ ئەو پێکهاتەیە دەکات کە تەوەرەی دەمارەخانە دادەبڕێت هەروەکو چۆن بەرگێکی لاستیکی تەلێکی کارەبایی دادەبڕێت و گواستنەوەی ئەرکی کار بە درێژایی تەوەرەی دەمارە خانە خێرا دەکات ؟




A- 1
B- 2
C- 3
D- 4

43.ئەگەرلەئە نجامی لێکدانی دووڕووەکی پۆلکە ڕووەکی تۆو لووس و تۆو چرچ پەیدا بوون ئەوا دەکرێت بۆماوە بابەتی ئەودوو ڕووەکە :-
A-هەردووکیانRR بن — B-یەکێکیان Rr بیت و ئەویتریان rr بیت
C-یەکێکیان RR بیت و ئەویتریان Rr بیت — D-( C+B ) هەردووکیان ڕاستن

44.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر، شۆرە ماسولکە ئاماژەی پێکراوە بە ڕەنووسی :-




A- 1
B- 2
C- 3
D- 4

45.لە پێکهاتەی گەردی DNA دا بەندی هاوبەش.................. بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
A- شەکری پێنج کاربۆنی نیوکلیۆتایدێك و کۆمەڵەی فۆسفاتی نیوکلیۆتایدی دوای خۆی — B-دووتفتی نایترۆجینی
C- تفتی نایترۆجینی و کۆمەڵەی فۆسفات — D-هەموو وەڵامەکان هەڵەن

46.بەرگی ئێسك و جۆگەی هاڤەرس هەردووکیان :-
A-دەماریان تێدایە — B-لوولەی خوێنیان تێدایە — C-ئێسکەخانەیان تێدایە — D-( B+A ) هەردووکیان ڕاستن

47.هەموو ئەمانە ***هەڵەن*** دەربارەی نێردراوی دووەم ***جگە لە*** :-
A-ئەو گەردەیە کە دەکەوێتە سەر پەردەی خانەی ئامانج — B-ئەنزیمەکان و پرۆتینەکانی دیکەی ناو خانە چالاك دەکات
C- تەنها یەك جۆری هەیە ئەویش AMP ئەڵقەییە — D-لەبەرگرتنەوەی بۆماوە پەرلەی mRNA چالاك دەکات

48.لە مێشی میوەدا دوو بۆهێڵی ڕەنگی لەش و درێژی باڵ دەکەونە سەر هەمان کرۆمۆسۆم. لەش خۆڵەمێشی ( G ) زاڵە بەسەر لەش ڕەش ( g ) و باڵ درێژ ( L ) زاڵە بەسەر باڵ کورت ( l )، .لە جووتبوونی ( GgLl x GgLl ) کام لەمانە پەیدا دەبێت ؟ وادابنێ هەردوو ئەلیلە زاڵەکە دەکەونە سەر هەمان کرۆمۆسۆم و پەڕینەوەش ڕوودەدات ؟ A-ڕێژەی ڕووخسارەبابەتی چاوەڕوانکراو دەکاتە 3 : 1
B- بێجگە لەو وەچانەی کە هەمان ڕوخسارە بابەتی باوانیان هەیە، هەندێ وەچەی جیاواز لە ڕوخسارە بابەتی هەردوو باوانیش پەیدادەبێت
C- ڕێژەی ڕووخسارەبابەتی چاوەڕوانکراو دەکاتە 9 : 3 : 3 : 1 — D-( C+B ) هەردووکیان ڕاستن

49.ڕووی جیاوازی لە نێوان کلۆرە خوێنهێنەری سەروو و کلۆرەخوێنهێنەری خواروو ئەوەیە کە کلۆرە خوێنهێنەری سەروو :-
A-خوێنی کەم ئۆکسجین دەگوازێتەوە بۆ گوێچکەڵەی ڕاست — B-چینە ناوەڕاستەکەی بڕێکی کەمتر لووسە ماسولکەی تێدایە
C-بەشدارە لە گێڕانەوەی لیمف بۆ دڵ — D-( C+A ) هەردووکیان ڕاستن

50.................لە کۆمەڵەی چڕدا کۆدەبنەوە ناودەبرێن بە گورزەی ماسولکەیی
A-ماسولکە — B-ریشاڵۆچکەکانی پەیکەرە ماسولکە کە بە بەستەرە شانەیەك دەورەدراون
C-ریشاڵەکانی پەیکەرە ماسولکە — D- پارچەکانی پەیکەرە ماسولکە کە بە بەستەرە شانەیەك دەورەدراون